# نامەیەکی ئاوەڵا بۆ بەڕێز بریمەر.

تەها ئەمین هەڵەدنی.

پاش سڵاو:

پاشان ئەمجارەش، پەشیمان نیم کە کاتی خۆی بابەتێکم نووسی، تێدا ئەمەریکام تاوانبار کردوە کە ئێوە بوون شیرپەنجەی بەعستان چاندە کێڵگەی مێشکی عێراق و کوردوستانەوە، (ئەمەریکا لەژێر پەلاماردا*) لەوێدا هەوڵمدا کە ڕووی دزێوتان ئاشنا بکەم بە نەوەی نوێ، یا ڕونتر بڵێم بهێنمەوە بیر خۆمانوو خۆتان.

لەوەش پەشیمان کە جارێکیکە ۹۱ ئێوە بوون کە نەتان هێڵا ڕۆژی عێراق هەڵبێ و شەوەزەنگتان لێدرێژتر کردینەوە.

کاک بریمەر لێت ناشارمەوەمن پێم وایە ڕووتان هێندە قایمە کە بەهێزترین تۆم هۆکی ووشە نایرووشێنێ.

لەگەڵ ئەوانەشدا پەشیمان نیم کەسەربەخۆ خۆم کردە مەلای پێش نوێژی گەلانی عێراقوو لە ۹ ئەپریلەوە ڕۆژانە ۱۰ جار کرنووش (سوجدە) دەبەم بۆ پەنتاگۆن لە جیاتی کەعبە.

بەڕێز:هەر پاش ئەوەی کە بەردەڕەشەکەی نێوان ئەوسوو خەزرەجەکە کوردوستانتان بەدەستی پیرۆزتان بەگوێبادانەوە لەسەرجێی مەبەست دانایەوە، ژمارەی سوجدەکانم گەیاندۆتە ۱۵، چونکە وا ۳۵ ساڵە خەڵکی کورد لە (ی ن ک و پ د ک) دەپاڕێتەوە لەسەر داننانی بەردە ڕەشەکە کە شەڕەتیر نەکەن، هەر کردیان، بەڵام وا بەگوێبادانی ئێوە وازیان لەشەڕە تیر هێنا، سوپاس بەڕێزم.

بەڕێزم ئێستا دەمەوێ بۆ حەج کردن، فیزەی ئەمەریکا وەرگرم لە جیاتی عەرەبستانی سعویە، چونکە دەمەوێ پەنتاگۆن بکەمە پیرۆز کراوی دەرونیم، تۆمی فرانکیش بە دوا پێغەمبەری ڕزگاری و مام بۆشیش بە خێری زیندە.

بەڵام بەڕێز دەمەوێ وەبیرتان بهێنمەوە ئێوە گومرگتان هەڵگرت دایان نایەوە.

بیرۆی سکاڵاتان کردۆتەوە بۆ هاوڵاتی، وەرگێڕەکانیان تۆقاندوە.

لە بادینان وەگێڕەکانیان ترساندوە کە کەس کاری وەرگێڕی نەکا، تا سکاڵاتان بەدەست نەگا (هاوڵاتی ژ ۱۲۸).

لە ناوچەی سۆرانیش هەر بەپێی کوردوستانی نوێ، داوایان لە جەماوەرکردوە کە سکاڵا نەبەن بۆ لای بەڕێزتان، ئەوان خۆیان ڕەواترن سکاڵایان لا بکرێ (کوردوستانی نوێ (۳۱۱۰).

بەڕێزان هەر پاش بڵاوکردنەوەی هاوڵاتی ژ ۱۲۸، هەروەها کوردوستانی نوێ ژ۳۱۱۰ لێرە (دەرەوەی کوردوستان) کۆمەڵێ کۆمیتەیەکمان دامەزراند بە،

(ناوی کۆمیتەی وەرگێڕان لە پێناو گەیاندنی داوای ڕەوای گەل) . جا ئەگەر هەر کارێکی لەو شێوەتان پێویست بوو ئەوا بەو پەڕی شانازیەوە بۆتانی وەدەگێڕینە سەرزمانی ئینگلیزی بە بێ بەرانبەر.

خۆ ئەگەر ڕادێۆیەکی سەرتاسەری کوردوستانیش دامەزرێنن بۆ ئەو مەبەستە تا تەواوی خەڵکی ستەمدیدە ئاگا بن لە کاری بە فەڕتان، ئەوا ئەو کات وولات دەبێتە دەروێشتان.

چونکە ئەوەی ئێوە بە خەڵکی ڕەوا دەبینن لە گەڵ هەموو نارەوییەکیشیدا، هێشتا لای نەک دەسەڵادارانی کورد بەڵکوو هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تاوانە.

ئایدیالۆجی ئێوەی سەرمایەداری مشەخۆرم لا پێشکەتووخوازانەترە لە داخوازی سۆسیالیسترین ناسیۆنالیستی کورد.

مەگەر نەمان دی خەڵک خۆکوژی دەکرد لەبرسا، کەچی دەستمایەیی ئیبراهیم خەلیل ڕۆژانە خۆدەکوتایە۲۰۰۰۰۰$.

ئاخر قازیەکی ئەمەرکی داوای۱ میلارد دەکا لەسەر زیندانی کردنی۱۷ سەربازی ئەمەریکی ساڵی۹۱، بەڵام ئێران عێراق دیلەیان زیاتر لە ۱۵ ساڵ گلدایەوە.

ئاخر ئێوە زیاتر لە ۷۵۰۰ دیلتان لابوو نەتان هێنایە سەر تێقی، کەچی ۸ دیلی لابوو، زیاتر لە۱۵ جار نیشاندرا.

دیکتاتۆری ئێوەم لا ڕەواترە لە لە دیموکراتیترکانمان.

گومان نیە کە دیموکراتی چارەی کێشەی ڕەشوو ڕووت ناکا، بەڵام ئێوەو مرۆڤ خۆرەکانی ناوچە ئاسمانوو ڕێسمانن.

دەقی ئەم نامە بە ئینگلیزی دەنێردرێ بۆ بەرێز بەڕێوەبەری کاتی عێراق برێمەر.

*** ئەمەریکا لەژیر پەلاماردا**

**خودی گاندی باوەڕی بە زەبروزەنگ نەبوو، لە تەواوی تیکۆشانەکەشیدا فیشەکیکیشی نەنا بە دوژمنەکانیەوە!**

هەرچەند **ئینگلیزەکان دەستیان نەپاراست لە کوشتنی شۆڕشگێرانی هیندوستاندا، بەڵام گاندی هەمیشە هەوادارانی خۆی هاندەدا کە هەرگیز کاری توندوتیژ ئەنجام نەدەن.**

**ئەنجامیش لە خەباتەکەیداسەرکەوت!**

**ئەو بلیمەتە توانی هیندستان ڕزگارکا، لە دەست ئینگلیزەداگیرکەرەکان ووتیشی: گەر دووماسی لە دەریادا شەڕکەن تاوانی ئەمەریکایە.**

**تۆ بڵێی گاندی بوختان بۆ ئەمەریکا بکا؟**

**جەنگی دوەمی جیهانی کۆتایی هاتبوو، تەنها ئیمزاکردنەی مابوو. کەچی پەنتاگۆن دوو بۆمبی ئەتۆمی کیشا بە ناکازاکیو و هیرۆشیمادا کە بوە هۆی لەست دانی گیانی زیاتر لە ۱۲۰۰۰۰ کەس کە سەرجەمیان سڤیل بوون.**

**کە کودەتاکەی مسەدق دژی شای ئیران سەریگرت، سی ئای ئەی هاوکاری شای کردو گەڕانیانەوە سەر تەختی شاهانەی بۆ خکاندن و چەسانەوەی گەلانی ئیران. لەسەرەتای ئەمساڵیشدا، ئەمەریکا بە ئاشکرا داوای لیبووردنی لە گەلانی ئیران کرد، کە فەرمان ڕەوایی مسەدەقی ڕووخانوو شای هینایەوە جیگەی تا دیمکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەر نەگری!**

**لە جیگەی مرۆڤە نیشتمانیەکان کەسانی ساختەکارو شۆڤینی تینووی خوین دانرا، چونکە خواستی ئیمپریالیزمە شەڕو ئاژاوە لەناوچەکەدا بۆ هەمیش بەر دەوامبی.**

**هەواڵەکانی الجزیرەی ئەنتەرنیت هەفتەی دوەمی ئابی ۲۰۰۱ ڕایگەیاند کە لە ئەمەریکا پەرتوکیک تابوو کراوە کە بەڵگەکانی نیشان دەدەن کە سی ئای ئەی دەستی هەیەلە کوشتنی ۱۰۰۰۰۰ چەپو کۆمەنیستی ئەندەنووسیدا.**

**عبدوکەریم قاسم کە بە ڕەگەز کوردە هەواداری سیستەمی دیموکراتی بوو. هەرچەند ڕەنگە دابینکەری خواستەکانی گەلانی ناوچە نەبوایە، بەڵام هەزارەها جار لە جەلادەکانی ئەمڕۆ مرۆڤ دۆست تر بوو. ئومید هەبوو کە لەسیبەریدا درختی هیوا گەشەی بکردایە. بۆیە سی ئای ئەی ئەوەشی پیقوتن نەدرا کە ناوچەکە ئارام بی ! بۆیە بە ساڵی ۱۹۵۹ یان دەووت : ترسناکترین ڕۆژی ئەمەریکا کە حشع بەرەو دەسەڵات دەچوو.**

**لە میوانخانەی شیراتۆنی مینشنی ئەڵمانی سەرەتای مانگی شبات ۱۹٦۳،**

www.kurdistannet.org

١-نەجیب ڕوبیعی بەعسی.

٢- سی ئای ئەی ئەمەریکی.

٣- ئیجنس سیرڤیسی ئەمەریکی.

٤-ئاسایشی ئینگلیز وە ئیجن سیرڤسی ئینگلیز.

٥- عەرەبە نەتەوەییەکان، میسر و سووریا.

کۆبوونەو بۆ پیلانی ڕوخادنی عبدول کەریم قاسم. ئەوەبوو ئەمەریکیەکان و ئینگلیزەکان ووتیان: کە دەبی هەموو شیوعیەکان بکوژن. بەڵام نوینەری بەعسیەکان نەجیب ڕوبەیعی ووتی: کە پارتی کۆمەنیستی عیراق پارتیکی نهینیەو ناناسرین! ئەمەریکەیەکان و ئینگلیزەکانی بەشدار لە کۆبونەوەکەدا ووتیان: ئەوە کاری ئیمەیە ناوەکانتان دەدەینی و پەلەی لیبکەن!

سی ئای یئەی ئاسایشی ئینگلیز کە تیگەشتن کە بەعسیەکان و عەرەبە نەتەواییەکان بیئاگان لە ڕەوشی عیراق، یەکسەر پیلانەکەیان نایە بەردەست عەربە نەتەوەییکان و نوینەری بەعسیەکان نەجیب ئەلڕوبەیعی.

کە یەکەم جار شاللیاری فڕۆکەی عیراقی لەناو ماشینەکەیدا بکوژن. پاشان بە دەبابەوە هیرش بەرنە سەر ساختمانی شالیاری بەرگری عیراقی، ئەگەر گەلیش هیرشیان هیناو بەرگریان لە شالیاری بەرگری کرد، خێرا وینەی قاسم بەرز کەنەوەو هاوار بکەن کە بۆ بەرگری قاسم دەچن!

پیلانەکە چۆن داڕیژرا هەرواش کرا!

جەلال ئەوقاتی شالیاری فڕۆکەی عیراق، لەکاتی نان کرینی بەیانیدا لە ناو ترومبیلەکەی خویدا کوژرا. پاشان بە تانکەوە هیرش کرایە سەر کۆشکی کۆماری عیراق. بەڵام گەل ڕاپەڕین و پەلاماری یەکەم تانکیانداو سەرنشینەکانیان پارچە پارچەکرد. هەروەک پیلانەکەی سیاو ئیم ٥ سەر نشینانی ناو ٧ دەبابەکەی تر وینەوی قاسمیان بەرزکردەوەو ووتیان :ئیمە بۆپاراستنی قاسم دەچین!

ساختمانی بەرگیری گیراو قاسمیش لە ماڵی خوشکەکەیدا دەست گیرکراو پاشان هینرایە سەر تەلەفزیۆن بەبەر چاوی گەلانی عیراقەوە کوژرا تا خەڵکی پیبتۆقینن!

لیرەشەوە دەرگای کوشتوو بڕو کلیلی چەسانەو توندو تیژی درایە دەست بە خوین تینوەکانی بەغداد، ئاواتوو هیوای گەلانی عیراق زیندەبەچاڵکرا. سیاو ئیم٥ دەیانزانی بەهاتنی عەرەبە نازیەکان ناوچەکە تا سەردەمانیکی دوورو دریژ خەڵتانی خوین دەبیۆ و ئارمی ئەستەم دەبی. سیاو ئیم٥ بە بەعسیەکانیان ووت: کە دەبی بانگەوازی سۆسیالیستی عەرەبی بکەن وەک پارتەکەی هیتلەر تا لە شورەویەوە نزیک بنەوەو کەڵک لە چەکی شوورەوی وەگرن لە دوو لاوە:-

١-هەمە چەشنەکردنی چەکی عیراقی.

٢-کەڵک وەرگرتن لە نهینی چەکی شوورەوەی. *

بەعسیەکان وەک قوتابیەکی بە ئەمەک گوێڕایەڵی ئیمپریالیزم بوون بە هەموو واتای گوێڕایەڵی.

ئیمپریالیستەکان سەرەتای ١٩٧٣ و ١٩٧٤کەوتنە پڕوپاگەندە بڵاکردنەوەی کە ساڵی ٢٠٠٠ نەوت کۆتای دی !

ووڵاتە عەرەبیەکانیش بە شای ئیرانیشەوە، کەوتنە بڕوبیانووی زیادکردنی نرخی نەوت، کە بگاتە ١٠٠ $!چونکە باوەڕیانکرد کە نەوت تەواو دەبی!

ئەوەبوو شوباتی١٩٧٤ بۆ ماوەی مانگی ناردنەدەرەوی نەوتیان قەدەغە کرد! لیرەشەوە هەر شەش ووڵاتانی پیشەسازیەکە لە (گواد لوب) بڕیاری لەناوبردنی شۆڕشی کوردیان دا تا عیراق ئامادەی شەڕیکی گەورە بکەنّ!**

ئەوەبوو پەلەیەیان لە ڕوخانی شۆڕشی کورد کردو لە ڕیکەوتنی ١٩٧٥ بە ئاواتی بۆگەنیان گەشتن.

ئەوەبوو جاریکی کە شایان دەرپەڕاندەوەو خومەینیان بەردایە گیانی گەلانی ئیران. دەست بەجیەیش بە دەستی سەدام شەڕیکی ماڵویرانکاریان سەپان بەر ئیراندا! لەهەمانکاتدا کە هەباشەی گیان خۆری لرفەی دەهات، ناوچەکە بەرەو دوارۆژیکی نادیارو ناهەموار دەچوو، ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوا چەکیان بە و دوو خوینخۆرە دەفرۆشت. ئۆلۆف پالمە کە هەمیشە توانجی دەگرتە ڕۆژ هەلاتوو ڕۆژ ئاوا، چەکی بە هەردوکیان دەفرۆشت، لە کاتیکدا کە دەستووری بناغەی ولات ئەلی: سوید نابی چەک بفرۆشی بە وولاتانی کە لە جەنگدان!

ئۆلۆف پالمە تا پیش کوشتنی بە خوای چەساوان ناوی دەرکردبوو! ***

شەڕی عیراق ئیران کۆتایی هات، بەلام دەردومەینیتی گەلانی ناچەکە کۆتایی نەهات. پاش زیاتر لە دوو ملیۆن قوربانی زیاتر دەریایە دۆلار!

شەڕیکی کەیان بە دەستی سەدام هەلگیرسان، گەر فاکتمان لەبەر دەستدا نەبی! بەلام دیمان کە نوینەری ئەمەریکا بە فاشستەکانی بەغدادیان ووت لە کاتی دەرچۆو دەرمەچۆی عیراق لەکوەیت: کە ئیمە دەست ناخەینە کیشەی ئیوەوە!

ئیوە هەردوو بران! ئەوەی لە هەمووی سەرنج ڕاکیشترینیان بوو، ناردنە پیشەوەی لەشکری عیراق، لە کاتی پەلاماری لەشکری هاوپەیمانان، یەک سەربازی گاردی کۆماری تیدا نەبوو! چونکە سی ئای ئەی دەیزانی کە لەشکری عیراق دوو جار لووتی شکاوەو دەستی چوو بە خوینی هاولاتیانی خۆی، ئەگەری ئەوە هەبوو کە ئەو لەشکر پاش گەڕانەوە لە سەدام خۆش نەبێ و کۆتای بە ژیانی کولە مەرگی گەلانی عیراق بهێنی.

دیمان هاوپەیمانەکان پەلاماری لەشکری عیراقیاندا و زیاتر لە ١٢٠٠٠٠ سەرباز کوژران. بەلام خوین لە لووتی سەربازیکی گاردی کۆماری نەهاتت! تا هەمیشە کوتەکیی سەرکوتکەری گەلانی عیراق بی!

هەر پاش تیکشکانی لەشکرە لووتشکاوەکەی عیراق بوشی باوک ووتی : ڕابن خەلکی عیراق دژی سەدام ! وەک هەمووشمان دەزانین کە بەپیی بڕیاریک فڕینی فڕۆکەی عیراقی قەدەغەکرا! خەلکی بەگوێی بوشیان کردو پەلاماری بنکەکانی سەدامدراو لە 95%خاکی عیراق بە تەواوی چەکو جبەخانەی دەولەتت کەتنە دەست گەل. شتیکی وای نەمابوو خوینخۆرەکەی بەغداد بە ڕەوانەی دۆزەخکرایە. دیمان هەر کە هاوپەیمانەکان هەستیان بە مەترسی گومبوونی سەدام کرد، دەست بەجی دەستی سەدام بەرەلا کراو سەدام بەردرایەوە گیانی گەلانی عیراق. دیمان بە زەمین بەزەمین پەلاماری شارەکان درا. وورتە لە بەردەوە هات لە هاوپەیمانەکانەوە نەهات! کۆێ ڕەو پیک هات و بە هەزاران ڕیگەی هاتوونەهاتیان گرتەبەر! ئەگەر ڕەخنەو گازندەی ناو خۆو دەرەوە نەبوایە، بوشی باوک لە گولفی خۆی نەدەکەوتت!

هیشتا ١٨٠٠٠٠ کەسی ئەنفال کراو بی سەرو شوینن!

١٠٠٠٠ بەرزانی بی سەرو شوینن!

تەعریب تەرحیل بەردەوامن!

بی سەرو شوینکردنی فەیلیەکان بەردەوامن!

گوی برین، زمان برین کە دوا کەوتوترین میتۆدی سەردەمە دەژی!

هیشتا سەدام دەژیو ئابلۆقەی ئابوور دژی سەر گیلانی عیراق بەردەوامە! سەدامیش ڕۆژی لە ڕۆژان پەکی لەسەر ئامیری ئەشکەنجەو کەلووپەلی خۆشگوزەرانی خۆی نەکەوتوە!

شەڕی عیراق هاوپەیمانانیش کۆتای هاتوو دیلوو بریندارەکانی هاو پەیمانانان گەشتنەو ناو جیگەو گوزەرانی خۆیان!کەچی هیشتا ٦٠٠ دیلی کوەیتی بیسەر و شوین! تا کیشەی نیوان عیراق کوەیت هەر بمینی بۆ هەوینی شەڕیکی کە!

با وای دانین ئەو باسانەی یسەرەوە گۆرانی کۆنن و گویگریان نەماوە!

ئەی خۆ ئەوەتا تورکیا بە ئاگر و ئاسن کەوتۆتە ویزەی خەڵکی کورد، هاوپەیمانەکان لە گوڵی کاڵتر بە توورکیا ناڵین!!

تەعریب تەرحیلو سیدارە بەردەوامە!

مەگەر ئوسامە بن لادن هەمان دەستووری سەدام قوتابی فیرگەکانی ئەمەریکا نیە!؟

زۆری لە سەرکردەکانی کە لە سەدام جیابوونەوە ئەڵین:ئێمە بە شەمەندەفەری ئەمەریکا گەشتینە کورسی فەرمان ڕەوا!

گەر ڕژیمی سەرمایەداری ئەمەریکا ئەوە ڕەوشی بی دژی گەلان، چۆن ولستریت نابی بە قەق نەس!؟

کەسەکانی ئەو چوار فرۆکەیان ڕفاندو پاشان خۆیانکیشا بە گەورەترین سیمبولی سەرمایەداریدا، تەنها چەقۆیان پێبوو!

بەپیی تەلەفۆنی یەکیک لە سەرنشینانی فرۆکەی بۆینگی ژمارە٧٦٧.

ئیتر کەی دروست کردنی ڕاکیتوو شەڕی ئەستیەرە دادی ئەمەریکادەدا!؟

کە لیدانەکەی ١٣-٩ ئەگەر دەکریت زیاتر لە ١٠٠٠٠ قوربانی بیت! هەر چەند سەرچاوەکان ئەڵین کە سەرجەم ٥٠٠٠٠ کارگیرو فەرمانبەر لە وۆرڵد ترید سەنتەر بنکەی بازرگُانی جیهانی.

ئەفسوس کە ئەمەریکا وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی وەک سەر خیڵەکان پەنا بۆ تۆڵە سەندنەوە دەبا!

ئایا لیدانەکەی مانگی ٨ ١٩٩٨ کۆنسولی ئەمەریکا لە کینیاو تانزانیا کە ئەویش بوە هۆی دروینەی گیانی ٢٢٠ کەس!

بەلیدانی دەرمانخانەی سودان گەشتە ئەنجام؟

یان لیدانەکەی ئۆکلەهۆما کە ١٦٨گیانیان لە دەست دا، لە سیداردانی بکەرەکەی چارەی وشیارانەبوو؟

لە پاش بۆباران کردنی ژاپۆنیەکانی بیرڵهارد ساڵی ١٩٤١، ئەمە یەکەمجارە ئەمەریکا بەو شیوە پۆرتی بشکینری!

ئەمەش دوا لیدان نابی بە دڵنیایەوە؟هەروەک پرۆفیسۆر فەرید لیدی ڕۆژهەلات ناس بۆ ڕادیۆ ڕادیۆی بیبیسی ووتی : ١٣-٩- ٢٠٠١ کە هەتا ئەمەریکا بە شیوەیەکی ڕاست و دروستوو ڕەوا چارەی کیشەکان نەکا ترۆر کۆتایی نایە.

هەروەها جۆن پیلگیر، ڕۆبەرت فیسک ئافتۆنبلاددت ١٤-٩-٢٠٠١ ئەڵی: ٥٠٠٠٠٠ منداڵ لە عیراق مردن، ١٧٥٠٠ کەسی سڤیل کوژران لە لوبنان بی هۆ نیە!

گەلانی ئەمەریکاش وەک زۆربەی گەلان قوربانی سیاسەتی چەوتونارەوای سیستەمی سەرمایەدارین!

ئاشکرایە تەقینەوەکانی ولترید باوەڕ نەکەردنی بوو!

سەرەک شالیاری سوید یۆران پیرشۆن ووتی :ئەو ڕوداوە لە ڕاستی چائی بەڵکوو لە فلیمی خەیاڵی دەچی، سینفتیس فیکشن ( scientific fiction movie)!

بەڵام جان یەرپە ئیسلامناس ووتی: دەبی تەماشای ئەو وینە بکەین کەچی وای کردوە ئوسامە بن لادن وەک ڕۆبنهود تەماشا کری!؟ *** *

**یەکیتی ئەوروپا دوور لە هەموو پرنسیپیکی شارستانیانەو مرۆڵ دۆستانە لەجیاتی ئەمەریکا ووشیارکاتەوە، پەمپی ئەمەریکا دەدەن بۆ تۆڵە سەندنەوە! هەینی١٤-٩-٢٠٠١ سی چرکە وەستان بۆ کوژراوەکانی ئەمەریکا ئەهێنی!**

**بەڵام ١٨٠٠٠٠ بیسەروو شوین، ٥٠٠٠ قوربانی کیمیاوی باران ڕەوانیە لای ئەوروپیەکان چرکەیە وەستان بۆ ڕیز لێنان!**

**مایەوە کە دوا پرسیار بکەین کام لە جەلادەکان پەروەردەی دەستی سی ئای ئەیە نییە؟؟؟؟**

*** ناوەڕۆکی ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی چەند ڕۆژی پاش کودەتا ڕەشەکەی بەعسیەکانەوە ٨ شباتی ١٩٦٣ وەرگیراوە، ڕۆژەکەی بە تەواوی نازانم، هیوامە ئەوکەسانەی لە فەڕانسا دەژین بتوانن ئەو ڕاپۆرتە ڕەوانەی ماڵپەڕە کوردیەکان بکەن.**

** The With Book

***** ڕۆژنامەی پرۆلیتاریای سویدی سەردەمی جەنگی ئیران و عیراق.**

******گفتووگۆیەکی تەلەفزیۆنی کەناڵی ١ سویدی ٢٠٠١-٠٩-١٣.**

**تەها ئەمین هەڵەدنی ١٢-٩-٢٠٠١** haladni@telia. com

ئەگەر ویستت بە ئیسلام ئاشانبی لەم دەرگا بدە . http://quran9. tripod. com/

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت